# ریفۆرمی ئایینی

(3)

Omed_76@yahoo.com

## ریفۆرمی ئایینی و دەق

خەونی ریفۆرمی ئایینی لەبنەرەتدا خەونێکە لەساتەوەختی چەقبەستن و دۆگمایی ناو هزرو دنیابینیی ئایینی سەریهەڵداوە. ئەم خەونە لەچەند سەردەمێکی جیاوازدا دەرکەوتووە، مەوداو میکانیزمەکانی کارکردنی ریفۆرم لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆرانی بەسەردا هاتووە، بەڵام ئە نجامەکانی ریفۆرم، یەکێك لە پرسیارە هەرە گرنگەکان لەهەموو سەردەمەکاندا بریتییە لە پرسیار دەربارەی پەیوەندیی ریفۆرمی ئایینی بەدەقی پیرۆزەوە، بەوەی داخۆ ریفۆرمی ئایینی دەکەوێتە کوێی دەقەوە..؟

ئەگەر ریفۆرم لەنێو دەقدایە، ئەوا چ میتۆدێکی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا دەتوانێت خەونی ریفۆرم بەدی بهێنێت..؟ ئایا سەوابیتەکانی دەق، فەزاو مەدلوولەکانی دەق لەبەردەم پرۆسەی ریفۆرمی ئایینیدا چ مانایەکیان دەبێت..؟ ئەگەر ریفۆرم دەکەوێتە دەرەوەی دەقەوە، چۆن و لەسەر چ بنەمایەکە..؟ ئایا فەرامۆشکردنی گرفتی شەرعییەت دروست ناکات..؟

پێش هەموو شتێك من باوەرم وایە پرۆسەی ریفۆرم لەنێو دەقدا هەمیشە مەحکومە بەکۆمەڵێك گرفتی چارەسەرنەکراو، گرفتی مانا و فەزای دەق کەهەمیشە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مانادا خۆی دەسەپێنێت، گرفتی ئەحکام لەدەقەکاندا گرفتی خەرج و پرەنسیپەکانی رووبەروو بوونەوەی دەق، ئیدی بەراستی بونیاتنانی گوتارێکی جیاوازو سەربەخۆ لەگوتاری ئایینیی باو نەك هەر دەبێتە کارێکی قورس و زەحمەت، بگرە ریفۆرم کورتدەبێتەوە بۆ چوارچێوەی هەندێك ئیجتیهادو فەتوا، ئەمەش ریفۆرم نییە بەقەد ئەوەی دەوڵەمەندکردنی خودی زەینە ئایینییەکەیە، بۆ تێپەراندنی ئەم حاڵەتە یان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە لەمێژووی ئایینەکاندا و لەنێویشیاندا مێژووی ئیسلامدا لەلایەن پیاوانی ریفۆرمخوازەوە، پەنا بۆ تەئویلی دەقەکان براوە، ئیدی لێرەوە تەئویلی دەق بەبەردی بناغەی زۆربەی هەوڵە ریفۆرمییەکان دادەنرێت، بەلام لەراستیدا ناتوانین تەئویل بەچارەسەر دابنێین، تەئویل خۆی رووبەرووی گرفتی قووڵ دەبێتەوە:

1-لەرێگای تەئویلەوە ئایدیای کەسی رۆشنگەرو ریفۆرمیست بەسەر فەزاو مانای دەقەکەدا کۆدێتا دەکات. بەمەش مانایەك بەسەر دەقەکەدا دەسەپێنرێت کە لەبنەرەتدا فەزای دەقەکە تەحەمولی ئەو مانایە ناکات، ئەمەش لەرووی زانستییەوە هەڵەیە، نابێت هەنگاو بۆ کارێك بنرێت لەسەر هەڵەیەکی زانستی بونیاتنرابێت (با ئە نجامی کارەکەش بەشێوەیەکی سەرەتایی ئیجابی بێت) هەرگیز تەئویل بریتی نییە لەدۆزینەوەی مانای نوێ لەدەقدا، بەڵکو خوڵقاندنی مانای نوێیە، واتا مانایەك لەبنەرەتدا بوونی نییە، دەقەکە هیچ رەمزو دەلالەتێکی بۆ ئەو مانایە تێدا نییە، تۆ دێیت دەیخوڵقێنیت.

2-هەمیشە تەئویل ئەگەری شەرەدەق دەهێنێتە ئاراوە، تۆ دێیت دەقێك تەئویل دەکەیت بەئاراستەی عەقلانییەت و رۆشنگەری و لێبوردندا، بەلام ئەو دێت چوار دەق تەئویل دەکات بەئاراستەی نەقلانییەت و توندوتیژیی و سەرکوتگەراییدا. ئیدی لێرەوە شەرەدەق دەستپێدەکات، ئەم شەرەش مێژوویەکی کۆنی هەیە، ئەم شەرە سەرچاوەی دروستبوونی هێزە ئایدیۆلۆژی و توتالیتارییەکانی مێژووی ئیسلام بووە، ئەم شەرە مەزهەبەکانی دروستکردووە، لەکۆی گشت ئەم شەرە بەتێکشکاندنی رەوتی رۆشنگەری و عەقلانی و سەرکەوتنی رەوتی نەقلانی و توندویژگەرا کۆتاییهاتووە.

3-راستە تەئویل دەکرێت ئە نجامی باشی لێوە دروستبێت، بەلام ئەو ئە نجامە باشە بەکارکردنە لەنێو هەمان ئەو ئاینییەی کە پێشتر پیاوانی سەلەف کاریان تێداکردووە، هەمان زەینی ئایینی، هەمان هەستی تەقدیسی بەسەریدا زاڵە، لەمرۆدا دەتوانین کارەکانی پیاوێکی وەك (د. محەمەد شەحرور)، وەك نموونەی ئەم حاڵەتە دەستنیشان بکەین، شەحرور لەهەردوو کتێبی (الكتاب والقرئان) و (الإسلام والإیمان) توانیویەتی لەرێگای تەئویل و مامەڵەکردن لەگەڵ بونیادی زماندا کۆمەڵێك شتی جوان پێشکەش بکات، بەلام ئەو میتۆدەی شەحرور کاری پێدەکات و ئەو سیستمەی کاری تێدا دەکات، هەمان ئەو میتۆدو سیستمەیە کەوەختی خۆی ئیمامی شافیعی کاری پێکردووە، بەلام جیاوازییان لەوەدایە کەهەر یەکەیان بەئاراستەیەکی جیاواز لەویتر کاریکردووە، ئەمەش لەراستیدا هەڵەیەکی گەورەیە، پێویستە نوێکردنەوەی میتۆدو سیستمی کارکردن بەردی بناغەی بەرهەمهێنانی مانابێت.

بەم شێوەیە کارکردن لەنێو دەقدا رووبەرووی کۆمەڵێك گرفتی گەورە دەبێتەوەو ناوەرۆکی ریفۆرم لەباردەبات، من باوەرم بەکارکردن هەیە لەدەرەوەی دەقدا، بە پشتبەستن بەمەرامی گشتیی دەقەکان، مەرامی ئایین خۆی. نەك پشت بەستن بەمانای یەکەیەکەی دەقەکان و لێکدانەوەی زاهیریی بۆ دەقەکان، بەمەش ریفۆرمی ئایینی هەوڵێکە پێمان دەڵێتماناى ئایین بۆ ژیان ئەوەیە کەدنیا لەرێی رەوتێکی لۆژیکی و عەقلانی و سیستمێکی داد پەروەرانەوە بەرێوەبچێت.